# سەرابی کۆمۆنیزمی کرێکاری

**عەبدوڵا حەمەلاو ( کاروان )**

جێگای خۆیەتی گەر من سەرەتا دان بەوەدا بنێم کە کۆمۆنیزم لە دوای شەق بوونی دیوارە سیاسیەکانی کۆشکی ( کریملین ) و ڕوخانی دیوارەکەی بەرلین نە بە ( بیرۆستریکا گلاسونوست ) ەکەی گۆرباتچۆڤ و وە نە بە کۆمۆنیزمە کرێکاریەکەی مەنسوری حیکمەت توانی خۆی بگرێتەوەو خۆی لە پاشخانی دڕەندەترین سەرمایەداری جیهانی ئەمریکی و هاوپەیمانە ئەورووپیەکانی ڕزگارکات .
چونکە ساحەی پڕ کێشمەوکێشی چینایەتی و سیاسی و ئابوری ئەم 17 ساڵەی دوایی 1990-2007 لە ئەوروپا بە بڕوای من باشترین زەمینەی لەبار بوون بۆ خەباتی چینایەتی و ئەحزابی کۆمۆنیستی ، کە گەواهی ئەوە ئەیەن کە کۆمۆنیزم پیر بوەو جارێکی ترو تا ماوەیەکی دیاری نەکراوی تریش ڕێژەیەکی هەرە زۆر کەم نەبێت کەسانی تر دەست بە گۆچانی بەرنامەکەیەوە ناگرن و نایکەنە ئامانج بۆ بەدەست هێنانی مافە زەوتکراوەکانیان .
ئێمە بمانەوی و نەمانەوێ ئەو ژیانە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسیەی ژێر دەواری سۆڤیەتی پێشو ( 1917- 1990 ) هەروەها لە وولاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات ( یوگوسلاڤیا ، پۆڵۆنیا ، ڕۆمانیا ، هەنگاریا ، ئەلبانیا و بولگاریا ...... تاد ) باشترین و زیندوترین نمونەیەکن بە دەست سەرجەم کۆمەڵگای ئەوروپی و هەموو وولاتانی تری دنیاش بە گشتی .
ئێمە با لەوە گەڕێین کە سۆڤیەتی پێشو و ئەورۆ شیوعیەکان ( ئەوروپای ڕۆژهەڵات ) چەند مارکسی و کۆمۆنیستی بوون یان نا . بە بڕوای من ئەوە پاساوێکی زۆر لاوازە گەر بڵێین سۆڤیەت ستالینی و یوگوسلاڤیا تیتۆیی و ڕۆمانیا چاوچیسکۆیی بوون و زۆر لە کۆمۆنیزمەوە دوور بوون .
ئەمە تا ڕادەیەک لەوە ئەچێت کە بڵێین قورئان شتێکەو مەلاکانیش شتێکی تر پیادە ئەکەن .
واتە ژیانی ئەو 70 – 80 ساڵەی سۆڤیەتی پێشوو کارێکی وا نێگەتیڤی لە خەڵکانی ئەوروپاو سەرجەم دنیاش کردوە کە دەست بۆ کۆمۆنیزم و ئەحزابی کۆمۆنیستی نەبەنەوە . بە مەرجێک خەڵکان بە گشتی تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش سێ نموونەی تری کۆمۆنیستیان لە بەردەمدایە ، کە ئەوانیش( چینی میللی و کۆریای باکورو کوبا )ن .
واتە کرێکاران بە گشتی لە گێلی و نا ئاگاییانەوە نیە کە ڕوو لەو بەرنامەیە ناکەنەوە ، بەڵکو لە ئاگایی و تێگەیشتنیانەوەیە کە لە ماوەی هەشتا ساڵی ڕابردودا لە چەندەها وولاتانی مێژوو جوگرافیا و کلتورو فەرهەنگ جیاواز کۆمۆنیزم حاکم بوەو هەر هەموشیان دیکتاتۆرو ئیستیبداد بوون .
حیلمی علی شەریف لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی پێشودا ( 1989) زنجیرەیەک لێکدانەوەی سیاسی لە ڕۆژنامەی( هاوکاری ) دا لەسەر بیرۆسترۆیکا کەی گۆرباتچۆڤ بڵاوکردەوە و ئەڵی ( سەراپای ئەوروپای ڕۆژهەڵات بە ڕوسیاشەوە گەڕام بەڵام تاکە هەژارێک ، لانەوازێک ، بێکارێکم نەبینی ) .
ئەمە ڕەنگە تا ڕادەیەک دروست و ڕاست بێت ، بەڵام منیش ئەڵێم لە ماوەی ئەم دە پانزە ساڵەی دواییدا لە چەندەها لەو کەسە ڕوسی و ئەوروپیانەم بیستەوە کە وولاتەکانیان بەندیخانەیەکی گەورەی بێ مافی سیاسی و ئازادی بوە .
خودی ستالین بە پێ ی فلیمێکی بەڵگەیی ( دۆکۆمێنت ) ی لەکەناڵی جەزیرە لە نێوان ( 1939- 1945 ) دوو ملیۆن ڕوسی کە بە حساب سادەترین گومانی بەرهەڵستکاری ستالین و حیزبی کۆمۆنیستی ڕوسی ئەوکاتەیان لێکراوە سەرنگومی بەندیخانەکانی سیبریا کراون و لە ناوبراون .

ئەمە بە بیرهێنانەوەیەکی کورت بوو بۆ کاک ڕەحمان و هەموو حیکمەتیەکان کە ئەیانەوێت بە چەند سەد کەسەێکەوە ببنە جێگرەوەی ( ئەڵتەرناتیڤ ) داهاتوی ئێرانێکی حەفتا – هەشتا ملێونی ، کە لە ئایین و نەتەوەو فەرهەنگ و کلتوری جیاواز پێکهاتوە .

ڕاستە فیدڵ کاسترۆ لە ساڵی 1967 بە چەند سەد کەسێکەوە شۆڕشی کۆمۆنیستی کردو کوبای ڕزگار کرد . چیڤارای هاوڕێیشی بۆ ئەوەی تەوقی شۆڕشە ئابڵۆقە دراوەکەی هاوڕێکەی بشکێنێ بە چل پارتیزانێکەوە ڕووی لە چیاکانی بۆلیڤیا کردو بۆ چەند مانگێک دەوڵەتی بۆلیڤی خستە مەترسیەوە .

بەڵام ئەوکاتە لە چاو ئەمرۆدا ئاسمان و ڕێسمانی جیاوازە ، لە بەرئەوە ئەم دوو نموونەیە ناتوانن ببنە هاوتای ئەو ئێرانە دامەزراوە پڕ سەربازو لەشکردارەی ئەمڕۆ کە خودی ئەمەریکاش نایەوێت دەستی بۆ بەرێت .

بە بڕوای من گەر لە دوا ڕۆژیشدا جمهوری ئیسلامی ئێران بە هەر هۆیەک لە هۆیەکان ( جەماوەری ماندو ، ئۆپۆزیۆنی جۆراوجۆر ، ئەمەریکا ...... تاد ) شۆڕشی بەسەردا کراو لە بەین چوو ، حیکمەتیەکان هەر ئەوەندەی ( حککع ) یان بەر ئەکەوێ کە لە دوای ڕوخانی بە عث و صەددام لە بەغداو شارەکانی تری عێراق بەریان کەوت ، ئەویش ئەگەر بەریان کەوتبێت ، ( مەبەستم وەزارات و کورسی پەرلەمان نیە بەڵکو جەماوەرو بنکەی کۆمەڵایەتی و پارسەنگی سیاسیە ) .

ئەمە لە لایەک ، لە لایەکی تریشەوە خەڵکانی ئێران بە گشتی گەر لە دیکتاتۆری جمهوری ئیسلامیش ڕزگاریان ببێت چۆن جارێکی تر دیکتاتۆرێکی تر قبوڵ ئەکەنەوە ؟.

یەکێک لەو هۆکارانەی کە لە دوای جەنگی جیهانی دوەمەوە کۆمۆنیزمی خستۆتە ڕیزی فاشیزم و نازیزمەوە ئەوەیە کە تاک حیزبیە . تاک حیزبیش ڕوون و ئاشکرایە گەر( مهاتما گاندی و نیلسۆن ماندێللاش ) ببنە سەرۆکی هەر ئەبیتە دیکتاتۆری .

یان گەر ئەوپەڕی مەزەندەش بکەین وبڵێین وا حیکمەتیەکان شۆڕشی کۆمۆنیستیان لە ئێران بە ئەنجام گەیاند ، ئایا لە ئێرانی ئێستا دابڕاوترو داخراوتر نابێ ؟ کێشەی نێوان ترۆتسکی و ستالین لە پێش مردنی لینین و هەتا دوای مردنیشی لە ساڵی 1924 لە سەرنەتەوەیی و نێونەتەوەیی بوونی شۆڕشەکەی ئۆکتۆبەر بوو .

چونکە وەکو باسمان کرد ئێران وولاتێکی گەورەی فرە ئایینی و نەتەوەیی وکلتوری جیاوازە کە هەر یەکەیان هەلومەرجی سیاسی وئابوری وکۆمەڵایەتی وفەرهەنگی خۆیانیان هەیە ،بێجگە لە چەندەها حیزب و گروپی ئۆپۆزسیۆنی لە فارس وئازەری و کوردو.......... تاد کە هەر یەکە لەمانەش کەسیان لە ڕووی ئایدۆلۆجی و فەرهەنگی وئیتنیکیەوە لەگەڵ ئەوی تریاندا سازنین .

ناسیونالیستە فارسەکان زۆربەیان لەسەر ئەوە ڕێکن کە ئێران یەک میللەتە ، هەرگیز دان بە دە ملێون ئازەری دا نانێن کە داوای جیابونەوە ئەکەن . کورد بە پیاوکوژ ئەزانن و وەکو نەتەوەو میللەت سەیریان ناکەن ، بەڵکو بە کۆمەڵە خەڵک لە قەڵەمیان ئەیەن .

دیارە من نامەوێت بچمە ناو ئەو باسە کە کۆمیتە کوردیەکەی ( حککا ) ی جاران و حیکمەتییزمی ئێستاش چەنێک هەستی نەتەوایەتیان هەیە یان نا ، یان وەکو جارێکیان لە ( ڕادیۆی زرێباره )وە گوێم لێبو کە **هەندێکیان** هەست بە کەمی و لەنگی خۆیان ئەکەن کە کوردن . یان مناڵەکانیان فێرئەکەن کە لەماڵەوە بە کوردی قسە نەکەن ، یان لە دەرەوە دۆستایەتەی منالانی کورد زمان نەکەن .

کورد وەکو هەموو میللەتانی تری ڕۆژهەلات ( عەرەب ، فارس ، تورک ، جوولەکە ، بلوج ) بەتایبەتی و بەشێکیش لە جیهان بە گشتی لە ژێر کاریگەری ئایینی و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی باوو کۆندا ڕەوشتی ناشیرین و هەڵوێستی نابەجی بەرامبەر بە دیاردەی شارستانی ومۆدێرنیزم بەکاردێنن ، بەڵام

زۆرینەکەی کەسانی نوێخوازو پێشکەوتو و شارستانیوویستن .
لینین هەرگیز نەیوتوە من ڕوسی نیم ، مارکس ئینکاری لە جوولەکەیی خۆی نەکردوە ، حیزبی کۆمۆنیستی نەرویجی بە ئاشکرا لە پلاتفۆڕمەکانیاندا ئەنووسن ئێمە پێش ئەوەی کۆمۆنیست بین نەرویجین .
کورد بە جیا لە تێکشکانی کۆمۆنیزم و لەوەی کە باسمان کرد تا چەند دەیەی تریش هەر خەباتێکی چینایەتی و کۆمۆنیستی بۆ بکرێت ، لەبەر ئەوەی کێشەی نەتەوەو دەوڵەتەکەی لەژێر هەڕەشەو پرسیاردایە سەرکەوتن بەدەست نایەنێت .
چونکە بەجیا لە هەموو تاقیکردنەوەکانی چەند دەیەی سەدەی بیستەم و بەجیا لە تێکشکانی ئەحزابە شیوعیەکان و گروپ و ڕێکخراوە کۆمۆنیستەکانی ساڵی هەشتاو نەوەدەکانی سەدەی ناوبراو هەموو ئەوەیان بە درۆ خستەوە کە خەباتی چینایەتی لە کوردستاندا ( عێراق ، ئێران ، تورکیا ) ناتوانێت پێش مەسەلە نەتەوایەتیەکە بکەوێت .
ئیتر بە جیا لەوەی ناسیونالیستی کورد چەنێک بۆ مەسەلەکەی خۆی دڵسۆزە یان گەندەڵە ،پچڕپچڕ وڕێکخراوە یان نا ، چەنێک کێشەی مرۆڤی کوردی چارەسەرکردوە یان ئەیکات ، توانیویەتی ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی ببینێ یان نا ، ئیمپریالیزم و سەرمایەداری جیهانی چەنێک نان بەمەوە ئەخۆن و ئەیکەنە بەربەستی نەشونمای خەباتی چینایەتی ....... تاد ئەمانەو چەندەهای تریش کۆمەڵێک قسەوباسی سەربەخۆی ترن و لەوباوەڕەدام هەزارەها دێڕو لاپەڕەی لەسەر نوسراوە و بەردەوام لەسەری ئەنوسرێت بە بێ ئەوەی بگاتە ڕێگا چارەیەکی لۆژیکی مەسەلەکە .
بەشێکی بەرچاو لە مرۆڤی کورد چ لە ناوەوەی شارەکانی کوردستان و چ لە وولاتانی هەندەران ( ئیتر خەلفیەتی حیزبی و ئایدۆلۆجی ئێستایان هەرچی بێت یان نەبێت ) بە ئەقڵیەت و بەرنامەو دیسپلینی پارتی و یەکێتی لە کوردستانی عێراق ڕازی نین و بگرە زۆریش لییان توڕەن .
ئەو سەدەهاو هەزارەها گەنجەی کە لەماوەی ئەم دوو ساڵەی دواییدا 2005- 2007 کەوتونەتەوە کۆچ و سەفەرکردن بەرەو ئەوروپا بەشێکی بەرچاوە لەو کەسە توڕەو ناڕازیانە . یان ئەو سەدەهاو هەزارەها کەس و خێزانانەی کە لە هەندەران ئەژین و لە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسەوە هەلومەرجی ئابوریان بۆ گەڕانەوە بۆ کوردستان لەبارەو بەڵام ناشگەڕێنەوە ، بەشێکی ترن لەو هەزارەها کەسانەی کە ئەیانەوێت کوردو کوردستانیش وەکو نەتەوەو دەوڵەت و وولات لە جیهاندا بناسرێت و ببێتە خاوەنی ئابوری و قەوارەی سیاسی خۆی .
بەڵام گەندەڵیە سیاسی و ئابوری و ئیداریەکانی ئەم پانزە ساڵەی دوایی ئەو دوو حیزبە ( پارتی و یەکێتی و حیزبە بچووکەکانیش لە گەڵیاندا ) بوەتە بەربەستێکی گەورە لەبەردەم ئەم مەسەلەیەدا .
مەبەستی من لەم نموونانە ئەوەیە کە خەڵکانی ناڕازی بە سەدەها و هەزارەها چ لە ناوەوە بێت یان لە دەرەوە ، یەکەم یان ئەوەیە کە تووشی سەرگەردانیەکی گەورەی سیاسی بوون وباوەڕیان بە هیچ حیزب و ئایدۆلۆجیایەک بە ( کۆمۆنیزمیشەوە ) نەماوەو ئامادە نین کاتی خۆیانی بۆ بە فیڕۆ بدەن .
یان ئەوەیە کە کەسی ( فرد ) کورد بە هەموو چین و توێژەکانیەوە لە سیاسەت و حیزب و ئایدۆلۆجیا بێزارو بێهیوا بوون و لە ڕادەبەدەر ماندوون ، بۆیە زۆربەیان نەک هەموویان دەستیان بە کڵاوی خۆیانەوە گرتوەو بە ئیش و جەنجاڵیەکانی ڕۆژانەی خۆیانەوە خەریکن .
دیارە بەشێکی گەورەی ئەم مەسەلەیەش لە ماوەی ئەم 50- 60 ساڵەی ڕابردوەدا ئەگەڕێتەوە بۆ سەرنەکەوتن و ڕیسوابونی حیزب و ئایدۆلۆجیا لە ڕاستەوە بۆ چەپ کە ( کۆمۆنیزمیش ) یەکێکیانە .
بەشێکی تری مەسەلەکەش پەیوەندە بە دەسەڵاتداریێتی ئەمەریکاو سەرمایەداری جیهانیش بە گشتی ، کە هەر جوڵانەوەیەکی سیاسی یان ڕاپەڕینێک لە سەرتاسەری جیهاندا چ چەپ یان ڕاست ، لیبراڵ ...

تاد
هەبێت و بزانێت لە پەرژەوەندی ئەو نیە بە میدیاو تازەترین تەکنەلۆجیای سەربازی و تەکنیکی یان بە جۆرەها ڕێگای بەرهەڵستکارانەی تری وەک ئایین ، تایفەگەری ، حیزبی و فکری و جۆرەهای تریش پەلاماری ئەداو گەر لەباریشی نەبات ئەوا لەبەریەکی هەڵئەوەشێنێت .
ئیتر کۆمۆنیزم و کۆمۆنیستەکان چیان هەیە تا بەرامبەر ئەو زەبەلاحە ماددیە ، سەربازیە ، میدیاییە ، تەکنیکی و تاکتیکیە بێجگە لە هێزو بازووی هەرزان و مانگرتن و ڕێپێوانی جار جارەی سەر جادەو مەیدانی ناو شارەکان زیاتر.
کە ئەمیش ئەگەر لە لایەن دەوڵەتی بۆرژواو خودی دەزگای پۆلیسەوە ڕێگای پێنەدرێت ناکرێ و نابێت ئەنجام بدریت . لە ماوەی 17 ساڵی ڕابردودا 1990- 2007 ئەمەریکا لە جەنگێکەوە بۆ جەنگێکی تر ، لە یوغسلافیایەکەوە بۆ ئەفغانستانێک و لە وێشەوە بۆ عێراقێکی تر باز بازێنی سەربازی و سیاسی و ئابوری ئەکات وەکو داشی شەترەنج ئەم میلیۆسۆڤیچ لائەبات و ئەوتالیبان ترۆ ئەکات و
ئەو کەشتی بەعس نغرۆ ئەکات ، بەبێ ئەوەی پێوانەیەک بۆ زلهێزە ئابوری و سیاسیەکانی تری دنیا وەک ئەوروپاو چین و ڕوسیاو یابان و.... تاد بکات .
من لەو باوەڕەدام لە ماوەی ئەم چەند دەیەی داهاتودا ( کە زەحمەتە بزانرێت دەقاودەق چەندە ) ئەم ئەمەریکا زەبەلاحە گوندەیەی ئەمڕۆ بەم شێوە دڕندەیەتیە نەمێنێتەوە . بەڵکو لە ئەنجامی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاو شۆڕشی پیشەسازی سەرجەم وولاتانی جیهانی سێ یەم و بوژانەوەو ووشیار بونەوەی کۆمەلانی خەڵکیش بە گشتی ئەمەریکا تەنیا شێوەو وێنەی بمێنێت و وەک ماری بێدان و زەهری لێبێت . ڕونتریش بڵێم لە ئەنجامی پێشبڕکێ ی ئابوری وولاتە پیشەسازیەکان و دەرکەوتنی دوندی ئابوری و سیاسی تر وەک چین ، یابان ، هیند .... تاد ئەم کارە ڕووبدات .
واتە ئەوەی مەترسی ستراتیژی ئەمەریکا بێت ئەوەیە کە باسمان کرد نەک کۆمۆنیزم و ئەحزابی کۆمۆنیستی . چونکە ئەمەریکا ڕەنگە تا چەند دەیەیەکی تریشی بۆ بەرەنگاربونەوەی شەڕی داهاتوی ئیسلامی سیاسی ( ئێران ، قاعیدە ، حەماس ، حزب اللە و تادێت ) دانابێت . لەناو ئەمانەشدا کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل و نیمچە دەوڵەت و وولاتی کوردی دژ بە تورکیاو ئێران و هەتا سوریاش بە هەموو چەرمەسەری و فەلاکەتەکانیەوە ئەبینرێ و هەستی پێئەکرێت .
لە کۆتاییدا ئەوەی ئەمڕۆ ئێران و هاوپەیمانە ڕەنگ زەردەکانی لە سوریاو لوبنان و فەلەستین ئەترسێنی ئەو زەبەلاحە بێشەرمەیە کە باسمان کرد ، نەک کۆمۆنیزم و کۆمۆنیزمی کرێکاری ، یان حیکمەتیزم .
کۆمۆنیزم زۆر زەحمەتە جارێکی تر ئەو هەلو مەرجەی شۆڕشی فەڕەنسی 1789 و شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسی 1917 ی بۆ بێتە پێشەوەو شۆڕشی سێ یەم لە ئێران یان لە هەر شوێنێکی تر ئەنجام بدات .
کۆمۆنیزم دەمێکە لە مناڵانی سەرمایەداری دڕندەدا بە چەکوشی ڕیفۆرم و سوسیال دیموکرات و ... تاد لە نەش و نما کەوتوەو ئەو مناڵە مەترسیدارە نەماوە کە مارکس لە ماتریالیزمی دیالیکتیدا باسی ئەکات .لەماوەی دوو دەیەی ڕابردودا لە سایەی هەزارەها بێ مافی و بێ ڕێزی ئەمسەر تا ئەوسەری دنیادا کۆمۆنیزم و مارکسیزم نەک زیاترو زیاتر کۆمەڵایەتی نەبونەوە بەڵکو خۆشیان و ئاڵا سوورەکەشیان زیاترو زیاتر کەوتنە پاشخانی سیاسەتی سەرجەم وولاتان و حیزب و ئەندامەکانیشیان زیاترو زیاتر بوونە پاشکۆی حیزب و کورسی پەرلەمانتارەکان .
ئەمڕۆ لە ئەوروپا چەند دەیەیەک زیاترە کۆمۆنیزم و مارکسیزم لە زانکۆ و قوتابخانەکاندا وەک فەلسەفەیەکی ئابوری و سیاسی ، شانبەشانی فەیلەسوفە کلاسیکیەکانی وەک ئەفلاتون و ئەرستۆ و گۆتەو ڕۆسۆو ئادەم سمیث ئەخوێنرێ و هیچی تر .

تەواو

Helebjeh1988@hotmail.com

سەراب : بریسکانەوەی لم لە بیاباندا ، کە لە دوورەوە وەکو ئاو دیارە .

ڕەحمان : ڕەحمان حسین زادە ( بەرپرسی کۆمیتەی کوردستانی حیمەتیزم – ئێران ).

حککع : حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق .

حککا : حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران .

ڕادیۆی زرێبار : ڕادیۆیەکی کوردی بوو کە لە ستۆکهۆڵم- سوید هەفتەی چەند جارێک بۆ ماوەی چەند سەعاتێک بەرنامەکانی خۆی بڵاوئەکردەوە .